
زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین / ژمارە ٧١ ژمارەی مۆڵەت ١

ژیانی بەرزەخ (دوای مردن)

نوسین و ئامادەکردنی

م. هەڵگورد مصطفی گەلاڵەیی



پێشەکی

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وآله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين ، وبعد.

به پشتیوانی خوای گەورە لەم نامیلکەیەدا بە کورتی باسی ژیانی بەرزەخ دەکەین ، ئومێدەوارم ببێتە مایەی سوودمەندی گشت لایەکمان .

پێناسەی بەرزەخ

زانایان فەرموویانە (بەرزەخ) بریتیە لەو ژیانەی کە لە دوای مردن دەست پێ دەکات و دەکەوێتە نێوان ژیانی دونیا و ژیانی دوا ڕۆژ ، خوای گەورە فەرموویەتی: (وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ) المؤمنون: ١٠٠.

واتە: مرۆڤەکان لەدوای مردنیان لە ژیانێکدا دەمێننەوە کە لەنێوان ژیانی دونیا و دواڕۆژ تا ئەو ڕۆژەی زیندوو دەکرێنەوە .

مرۆڤ لەدوای مردنی دەچێتە ژیانێکی تایبەت جگە لە ژیانی دونیا و دوا ڕۆژ لەم ژیانەدا یان لەخۆشیدا دەژیین یان لە ناخۆشیدا هەتا ئەوکاتەی زیندوو دەکرێتەوە .

سەرەتای چوونە ناو ژیانی بەرزەخەوە

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی صەحیحدا فەرموویەتی مرۆڤی باوەڕدار کاتێك لە دونیا جیا دەبێتەوە و کاتی مردنی دێت کۆمەڵێك فریشتەی ڕوخسار سپی لە ئاسمانەوە بۆ لای دادەبەزن ، ڕوخساریان وەکو خۆر وایە لە درەوشاوەییدا ، کەفن و بۆنی بەهەشتیان پێیە بۆ ڕۆحی ئەم باوەڕدارە ، ئەم فریشتانە ئەوەندە زۆرن بە ئەندازەی بینینی چاو لەلای دادەنیشن ، پاشان (ملك الموت) فریشتەی ڕۆح کێشان دێت و لەلای سەری باوەڕدارەکە دادەنیشێت و دەفەرموێت: ئەی ڕۆحە پاکەکە وەرە دەرەوە بۆ لێخۆشبوون و ڕەزامەندی خوای گەورە ، یەکسەر ڕۆحەکە ئەوەندە بە ئاسانی دێتە دەرەوە وەکو هاتنە دەرەوەی دڵۆپە ئاوێك لە ناو جۆرکی ئاوەوە ، ئینجا ڕۆحەکەی دەگرێت و دەیخاتە ناو ئەم کفن و بۆنە خۆشەی کە لە بەهەشت هێنابوویان ، ڕۆحی ئەم باوەڕدارە بۆنێکی ئەوەندە خۆشی لێ دێت وەکو خۆشترین

بۆنی مسکی سەر زەوی وایە بەڵکو زیاتریش .

پاشان ڕۆحەکەی بەرز دەکەنەوە بەرەو ئاسمان بەلای هەر کۆمەڵە فریشتەیەکدا بڕۆن پرسیاریان لێ دەکەن و دەڵێن ئەم ڕۆحە پاك و بۆن خۆشە کێیە ؟ لە وەڵامدا دەڵێن ئەو فلانی کوڕی فلانە بە چاکترین ناو ناوی دەهێنن کە لە دونیادا ناوی لێ نرابوو هەر بەرزی دەکەنەوە تاوەکو دەگەن بە ئاسمانی دونیا ، داوای کردنەوەی دەرگای ئاسمانی دونیا دەکەن , یەکسەر بۆیان دەکرێتەوە و بەو پەڕی ڕێزەوە بەڕێ دەکرێت بۆ ئاسمانی تریان هەتا دەگەن بە ئاسمانی حەوتەم ، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێت: ناوی بەندەکەم لە کتابی باوەڕداران و ئەهلی بەهەشت بنوسن , وە ڕۆحەکەی بگەڕێننەوە سەر زەوی ، لەخاکی ئەم زەویەم دروست کردوون و دەیانگەڕێنمەوە ناوی ، پاشان کە ڕۆحەکەی گەڕایەوە ناو زەوی دوو فریشتە دێنە لای و دایدەنیشێنن پێی دەڵێن پەروەردگارت کێیە؟ باوەڕدارە مردووەکە دەڵێت پەروەردگارم (الله) یە ، ئینجا پێی دەڵێن: دینت چیە؟ دەڵێت دینم ئیسلامە، ئینجا پێی دەڵێن : ئەو پیاوە کێ بوو کە بۆتان بە پێغەمبەر نێردرابوو؟ لە وەڵامدا دەڵێت: پێغەمبەری خوا بوو (محمد) ﷺ ، ئینجا پێی دەڵێن: زانستت چی بوو؟ لە وەڵامدا دەڵێت : کتابی خوای گەورەم خوێندۆتەوەو باوەڕم پێی هێناوەو بەڕاستم زانیوە ، ئینجا بانگ بێژێك لە ئاسمان بانگ دەکات و دەڵێت بەندە باوەڕدارەکەم ڕاستی کرد ڕایەخی بەهەشتی بۆ ڕاخەن وە پۆشاکی بەهەشتی لەبەرکەن وە دەرگایەکی بۆ بکەنەوە بۆ بەهەشت ، بۆنی خۆشی بەهەشتی بۆ دێت وە گۆڕەکەی بە ئەندازەی بینینی چاو بۆی فراوان دەکرێت ، ئینجا پیاوێکی ڕوخسار و پۆشاك جوان و بۆن خۆشی دێتە لای و پێی دەڵێت مژدەت لێبێت ئەوە ئەم ڕۆژەیە کە بەڵێنت پێ درابوو ، مردووە باوەڕدارەکە پێی دەڵێت تۆ کێی؟ ڕووخسارت بە کەسی چاك و خێردار دەچێت ، لە وەڵامدا پێی دەڵێت: من کردەوە چاکەکانی تۆم .

وە بەندەی بێ باوەڕ کاتێك سەرەمەرگیەتی و دونیا جێ دەهێڵێت و بەرەو قیامەت دەڕوات چەند فریشتەیەکی ڕوخسار ڕەش دادەبەزن و کەفنی ئاگرینی زویر و گرژیان پێیە لەلای مردوەکە دادەنیشن ئەوەندە زۆرن بە ئەندازەی بینینی چاو دەیان بینێت , پاشان فریشتەی

ڕۆح کێشا ندێت لەلای سەری دادەنیشێت و دەڵێت ئەی ڕۆحە پیسەکە وەرە دەرەوە بۆ تووڕەیی خوا ، ڕۆحەکەی لەناو لاشەی پارچە پارچە دەبێت و هەروەکو چۆن شەنەی ئاسن لەناو سوفێکی ئاڵۆز دەردەهێنرێت ئاوا ڕۆحەکەی دەردەهێنرێتە دەرەوە و سزای پێ دەکێشێت ، پاشان ڕۆحەکەی دەخاتە ناو کەفنە گرزو بۆن ناخۆشەکە بۆنێکی ئەوەندە ناخۆشی لێ دێت وەکو بۆنی گەنیوترینی شتێکی تۆپیوو ، ئینجا بەرزی دەکەنەوە بەرەو ئاسمان بەلای هەر کۆمەڵە فریشتەیەکدا بڕۆن دەڵێن ئەم ڕۆحە پیسە کێیە ؟ لە وەڵامدا پێیان دەڵێن ئەمە فلانی کوڕی فلانە بە ناخۆشترین ناو ناوی دەهێنن ، بەرزی دەکەنەوە هەتا دەگەن بە ئاسمانی دونیا داوای کردنەوەی دەرگای ئاسمان دەکەن دەرگا بۆ ئەم ڕۆحە پیسە ناکرێتەوە پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿لاَ تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاء وَلاَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ﴾الاعراف:٤٠ . واتە: بێ باوەڕان دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە وە ناچنە بەهەشت هەتا ووشتر نەچێت بەناو کونی دەرزیدا ئینجا خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ناوی لە (سجين) لە شوێنی تەنگ و تەسك لەهەرە ژێرەوەی زەوی بنووسن ، پاشان ڕۆحەکەی فڕە دەدرێتە خوارەوە بۆ ناو لاشەی ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ﴾ الحج: ٣١ .. واتە: ئەوەی شەریك بۆ خوا بڕیار دەدات وەکو ئەوە وایە لە ئاسمان فڕە بدرێتە خوارەوە و باڵندە بەلاماری بدات و (پارچە پارچەی بکات) یاخود ڕەشەبایەکی بەهێز بیفڕێنێت و بیبات بۆ شوێنێکی دوور و قووڵ.

ڕۆحی ئەم بێ باوەڕە دەگەڕێتەوە ناو لاشەی ئینجا دوو فریشتە دێتە لای و دایدەنیشێنن و پێی دەڵێن: پەروەردگارت کێیە؟ لە وەلاّم دا دەڵێت هاه هاه نازانم، ئینجا پێی دەڵێن: دینت چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: هاه هاه نازانم، ئینجا پێی دەڵێن: ئەو پیاوە کێ بوو کە بۆتان نێردرابوو؟ لە وەڵامدا دەڵێت: هاه هاه نازانم ، ئینجا بانگ بێژێك لە ئاسمانەوە بانگ دەکات دەڵێت بەندەکەم درۆی کرد ، ڕایەخی ئاگری بۆ ڕاخەن وە دەرگایەکی دۆزەخی بۆ

بكەنەوە گەرمایی و ناخۆشی ئاگری بۆ دێت و گۆڕی لیٚ تەنگ دەكرێت بە شێوەیەك پەراسووەكانی تێكەڵ دەبن ، ئینجا پیاوێكی ڕوخسار و پۆشاك ناشرین و بۆن ناخۆش دێتە لای و پێی دەڵێت: مژدەی ناخۆشیت لێبێت ، ئا ئەمە ئەو ڕۆژەیە كە بەڵێنت پیٚ درابوو ، مردووە بیٚ باوەڕەكە پێی دەڵێت: تۆ كێی؟ ڕوخسارت بە كەسی خراپ دەچێت ، لە وەڵامدا دەڵێت من كردەوە خراپەكانی تۆم ، ئینجا مردووە بیٚ باوەڕەكە پەشیمان دەبێتەوەو دەڵێت: پەروەردگارم قیامەت دامەهێنە. صحیح – مشكاه المصابیح: ١٦٣٠.

لە فەرموودەیەكی تردا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئینسانی باوەڕدار كاتێك لەسەر دارە بەستەكەی دادەنرێت , دەڵێت خێراكەن بمبەن بۆ جێگا خۆشەكەم ، وە ئینسانی بیٚ باوەڕ دەڵێت: ئەی هاوار بۆ كوێم دەبەن هەموو شتێك دەنگی ئەم مردووە دەبیستێت تەنها مرۆڤ نەبێت ئەگەر دەنگی ببیستن ئەوە لە ترسان بیٚ هۆش دەكەون . السلسله الصحیحه: ٦/٩٩.

((دوای خرانە ناو گۆڕ))

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئینسان كاتێك خرایە ناو گۆڕو خەڵكی دەگەڕێنەوەماڵەوە مردووەكە (لەوكاتەدا) گوێی لە دەنگی خشەی پێڵاوی خەڵكەكەیە ، ئینجا دوو فریشتە دێنە لای ئەگەر كەسەكە باوەڕدار بێت وەڵامی پرسیارەكانی بەڕاست و تەواوی دەداتەوەو شوێنەكەی لەبەهەشت نیشان دەدرێت ، وە ئەگەر كەسەكە بیٚ باوەڕ بێت ناتوانێت وەڵام بداتەوەو دەڵێت نازانم فریشتەكە ئاسنێكی گەورەی لە نێوان گوێچكەكانی دەدات مردووە بیٚ باوەڕەكە بە دەنگێكی ئەوەندە بەرز هاوار دەكات گشت شتێك دەنگی دەبیستێت تەنها مرۆڤ و جنۆكە نەبێت. الصحیحه: ١٣٤٤.

گۆڕەو شار – ضمة القبر

هەموو كەسێك لە ئیماندارو بیٚ باوەڕ گۆڕ و شار دەكرێت واتە: گۆڕەكە بۆ یەك دێتەوەو مردوەكە دەكوشێت ، بەڵام ئەم حاڵە بۆ باوەڕدار سوك و ئاسانە بەڵام بۆ بیٚ باوەڕ بەردەوام و ناخۆشە .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ﴿إِنّ لِلْقَبْرِ ضَغْطَةً وَلَوْ كَانَ أَحَدٌ نَاجِيًا مِنْهَا نَجَا مِنْهَا سَعْدُ بْنُ مُعَاذٍ﴾. الصحيحه : ١٦٩٥.


واتە : قەبر وێك هاتنەوەیەكی هەیە ئەگەر هیچ كەسێك لێی ڕزگار بوبایە ئەوە سەعدی كوڕی معاز (ڕەزای خوای گەورەی لیٚ بێت) لێی ڕزگار دەبوو .

بەڕێزان ئەم حاڵەتە بۆ باوەڕدارانی بە تەقوا زۆر ئاسان و بیٚ ئازارە وەكو ئەوە وایە دایك یان باوك منداڵەكەیان لە باوەش توووند بگرن و بیكوشن بەهۆی خۆشەویستی و بەزەییان بۆ منداڵەكەیان , بەڵام ئەو باوەڕدارانەی تاوانیان هەیە بە ئەندازەی تاوانەكانیان دەكوشرێن و پاشان ڕزگاری دەبن .

وە ئەم حاڵەتە منداڵانیش تووشی دەبن بەڵام وەكو باوەڕداران هیچ هەست بە ناخۆشی و ناڕەحەتی ناكەن .

((حاڵی ئەو كەسانەی مردوون و نەخراونەتە ناو گۆڕ))

ئەو كەسانەی مردوون و نەخراونەتە ناو گۆڕ بەهۆی خنكانیانەوە لەناو دەریاییێكەوە یان سوتان و نەمانی لاشەیان یان بوونەتە خۆراكی دڕندەكان ، لەلای هەموو باوەڕدارێك هیچ گومان نیە و نابێت گومان هەبێت كەوا خوای گەورە هێزو تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە و ئەو جۆرە كەسانە وا لیٚ دەكات كەوا وەكو ئەو كەسانەی لەناو گۆڕ دان هەست بە خۆشی و ناخۆشی ژیانی بەرزەخ بكەن ، هەروەكو چۆن دوو فریشتەی دێن پرسیار لە مردووی ناو گۆڕ دەكەن هەمان شێوە پرسیار لەو جۆرە كەسانەش دەكەن كە نەماون و نەخراونەتە ناو گۆڕ ، ئەمە جیهانێكی غەیبیە و تەنها خوای گەورە دەزانێت چۆنە و ئێمە نایزانین ، وە هەر كەسێك باوەڕی بەهێز و دەسەڵاتی تەواوی خوای گەورە نەبێت تووشی كوفر دەبێت ، خوای گەورە بمان پارێزێت .



((مردووان بەڕۆح و لاشە هەست بە خۆشی یان ناخۆشی دەکەن))

شێخی ئیسلام ابن تيميه (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت) فەرموویەتی: ﴿أن العذاب أو النعيم يحصل لروح الميت وبدنه﴾ **الاختيارات الفقهيه: ٩٤.**

واتە:سزا یان خۆشی جێ بەجێ دەبێت بەسەر ڕۆح و لاشەی مردووەوە وە سەبارەت بە چۆنیەتی خۆشی و ناخۆشی مردوان بەلاشەو ڕۆحیان ابن تيميه نموونەی بە خەوی خۆش و ناخۆش دەهێنێتەوە کاتێك کەسە نووستوەکە لەناو جێگای خۆی خەوتووەو بەڕۆح و لاشەی هەست بە خۆشی دەکات کاتێك خەوێکی خۆش دەبینێت یان هەست بە ناخۆشی ڕۆح و لاشەی دەکات کاتێك لە خەویدا لێی دەدرێت یان لە چیيایەکی بەرز دەکەوێتە خوارەوە بە هەمان شێوە مردووش لەناو گۆڕەکەیدایە و ئێمە لە دونیادا هەستی پێ ناکەین کە بەلاشەو ڕۆحی لە خۆشی یان لە ناخۆشی دایە هەروەکو چۆن هەست بەو کەسە ناکەین کە لە خەوەکەیدا هەست بە خۆشی یان ناخۆشی ڕۆح و لاشەی دەکات. مجموع الفتاوى: ٤/٢٧٥ ، ٢٧٦.

((لە ژیانی بەرزەخ دا مردووە باوەڕدارەکان سەردانی تازە مردووی باوەڕدار دەکەن سەبارەت بە خەڵکی دونیا))

لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: کەسێکی باوەڕدار کاتێك دەمرێت و دەچێتە ژیانی بەرزەخ مردووە باوەڕدارەکان سەردانی دەکەن و پرسیاری حاڵی زیندوانیان لێ دەکەن پێی دەڵێن فلانە پیاوە چی کردوە وە فلانە ئافرەتە چی کردوە؟ ئایا شووی کردووە؟ وە پرسیاری کەسێکی لێ دەکەن کە لە پێش ئەوەوە مردووە لە وەڵامدا پێیان دەڵێت ئەو مردووە، دەڵێن: (إنا لله وإنا إليه راجعون) دیارە ئەویان بەرەو دۆزەخ بردووە بۆیە نەهاتۆتە لای ئێمە و ئاگامان لێی نیە. الصحيحة: ٢٧٥٨.

((ئایا مردوان گوێبیستی زیندوانن یان دەیان بینن؟))

وەڵام: نەخێر مردوان لە ژیانی بەرزەخدا و لەناو گۆڕدا زیندوان نابینن و قسەکانیشیان نابیستن، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّكَ لا تُسْمِعُ الْمَوْتَى﴾ **النمل: ٨، واتە: بەڕاستی تۆ**

ناتوانی مردوان گوێبیستی قسەکانت بکەی ، وە فەرموویەتی: ﴿وَمَا أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي الْقُبُورِ﴾ الفاطر: ٢٢، واتە: تۆن ناتوانی دەنگت بەوانە بگەیەنی کە لە گۆڕدان .

تەنها هەندێك حاڵەتی تایبەت هەیە کەوا مردوو دەبیستێت ئەویش بۆ نموونە لەو کاتەی مردوو دەنێژرێت و خەڵکی دەگەڕێنەوە ماڵەوە لەوکاتەدا مردووەکە گوێی لە خشەی پێڵاوی خەڵکی دەبێت، یان ئەو کاتەی سەرکردەی موشریکەکان لەشەڕی بەدر کوژران و خرانە ناو چاڵێکەوە، پێغەمبەر ﷺ هات لەسەر لێواری چاڵەکە بانگی دەکردن و قسەی لەگەڵ دەکردن ، زانایان فەرموویانە خوای گەورە لەو کاتەدا ئەوانی گوێبیستی قسەکانی پێغەمبەری خوا کرد بۆ ئەوەی قسەکانی ببێتە مایەی سەرزەنشت کردنیان و پەشیمانیان،

ئەم حاڵەتانە بەڵگەی لەبارە هاتووە بەڵام حاڵەتەکانی تر ئینسان لە ژیانی بەرزەخ و ناو گۆڕدا بێ ئاگان و قسەی زیندوان نابیستن .

((ڕۆحی باوەڕدار و بێ باوەڕ لە ژیانی بەرزەخدا))

ڕۆحی هەندێك لە باوەڕداران لە بەهەشتدا دێت و دەچێت لەگەڵ ڕۆحی پێغەمبەران و شەهیدان و پیاوچاکان ، وە هەندێکیان لەسەر ڕووباری بەهەشتن ، وە هەندێکیان لە سەر چرا ڕووناك و بەرزەکانی بەهەشتن ، وە هەندێکیان هەر لە زەویدان و بۆ شوێنە بەرزەکان بەرز نابێتەوە ، وە هەندێکیان لە تاوانباران ئەوانەی زینایان کردووە و تەوبەیان نەکردووە لەناو تەندووری ئاگردان ، وە ڕیبا خۆران لەناو دەریایەکی خوێندان و بەرد دەخۆن و مەلە دەکەن لەناو ئەو دەریایە خوێناویە بۆگەنە هەروەکو چۆن لە دونیا ڕیبایان دەخوارد ، لەگەڵ جیاوازی شوێنی ئەم ڕۆحانە پەیوەندیان هەیە بەلاشەوە لەسەر زەویدا ئەگەر چی لە بەهەشتدا بفڕێت و بێت و بچێت , وە ڕۆحی کافران لە ژیانی بەرزەخدا لە ئاگر دایە و لەو پەڕی ناخۆشی دایە .

وصلى الله على نبينا محمد و آله وصحبه وسلم

٨ /جماديالاولى/١٤٣٧ھ — سۆران — ١٧ / ٢ / ٢٠١٦م